
## سەرۆکی شیشان داوای مەریام فارس

چەند سەرچاوەیەکی ڕاگەیاندنی عەرەبی ڕایانگەیاند کە دەوڵەمەندێکی عەرەب هاوکارییەکی زۆری هونەرمەندی لوبنانی مەریام فارسی کردووە لەلایەنی ماددییەوە بۆ کردنەوەی نووسینگە نوێیەکەی، بێ ئەوەی ناسنامەی ئەو کەسە ئاشکرا بکرێت.

ئەم هەنگاوەش دوای جیابوونەوەی مەریام فارس دێت لە دەستگیرانەکەی، مەریام پێشتر ڕایگەیاند بوو کە سەرۆکی شیشیانی بە ڕەسمی داوای کرد بوو، چونکە ئێستا هیچ پەیوەندییەکی بە هاوسەرەکەی نەماوە و ئازادە، مەریام لە هەمان کاتدا بێزاری خۆی ڕاگەیاند کە ئەم ساڵ بەپێچەوانەی هونەرمەندەکانی نەیتوانی ئاهەنگی سەری ساڵ ساز بکات ئەمەش یەکەم جارە ئەم کارە ڕوو بدات لەوەتەی ژیانی هونەری مەریام دەستپێکردووە، هەندێك لە چاودێرە هونەرییەکان ئەمەیان بۆ ئەو گۆڕانکارییە گەڕاندەوە کەلەژیانی هونەری مەریام ڕوویداوە لەم ماوەیەی دواییدا.





## ناتالی: لەمەودوا بە هەموو دیمەنێک ڕاز نیم

دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەستێرەی سینەمایی ئەمەریکی ناتالی پۆرتمان لە هاوسەرەکەی جیا بۆوە، ئێستا خەریکی جارێکی تر ژیانی هاوسەری لەگەڵ دارن ئەرۆنۆفسکی پێك بهێنێت، ئەرۆنۆفسکی دیزاینەری سەمایە و لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی (بینجامین میلیبا) پەیوەندییەکەی نێوانیان دروست بووە، هەر بۆیشە ئاهەنگەکانی سەری ساڵیان بەیەکەوە بەسەر برد.

جگە لەمە پێدەچێت ئەم ساڵ پڕ بێت لەکار و چالاکی جۆراوجۆر بۆ ناتالی، چونکە بەشداری لە چەندین فیلم دەکات، دەربارەی ئەو فیلمانە ناتالی گوتی: بڕیارمداوە لەمەودوا بەشداری لە هیچ فیلمێکی ڕۆمانسیدا نەکەم، چونکە هیچ شتێکی وای تێدا نییە کە ببێتە هۆی دەرخستنی تواناکانی هونەرمەند و لەم بارەیەوە گوتی: من دژی نواندن نیم لە فیلمی کۆمێدی، بەڵام ئەو ڕۆڵانەی پێشکەشم دەکرێت ئەو ڕۆڵە کۆمیدیانە نییە کە من دەمەوێ، دەربارەی فیلمە وروژێنەرەکانیش ناتالی گوتی: بڕیارمداوە لەمەودوا هیچی تر بە ڕووتی لەسەر شاشە دەرنەکەوم ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی نامەوێ چیتر وێنەکانم بە ڕووتی لەسەر ئەنتەرنێت بڵاوببنەوە.

## شەزا دووچاری هێرشێکی توند دەبێتەوە

کچە گۆرانیبێژی عێراقی شەزا حەسون ڕایگەیاند کەوا دووچاری هێرشێکی توندی نەیارانی دەبێتەوە لەلایەن چەند کەسێکی نەیارەوە کە ماوەیەکە نامەی بۆ دەنێرن و قسەی ناشیرین و نابەجێی ئاراستە دەکەن ، دەربارەی کارە نوێیەکەی لە هەمان کاتدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان زۆر بە توندی و بە ڕەخنەیەکی ڕووخێنەرەوە باس لەو بەرهەمە دەکات و خۆی بە ڕۆژنامەنووسێکی عێراقی وەسف دەکات، ئەوەشی ڕاگەیاند کە گرنگیدانی هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوێتی و عەرەبی بەو هەواڵە زیاتر نیگەرانی کردووە.

شەزا گوتی: گەلی عێراق قسەی خۆی دەربارەی من گوتووە کاتێك پێشوازییەکی گەرمیان لێکردم لەکاتی ئاهەنگەکانی بەغدا بۆیە زۆر گرنگی بە قسەی هەندێك لە داخ لە دڵەکان نادەم کە دوژمنی سەرکەوتنی هەموو هونەرمەندێکن، دەربارەی ئەو دیمەنەی کە پەیوەندی نێوان خۆی و سەربازە ڕۆژئاواییەکەی تێدا بەرجەستەیە گوتی: ئەم دیمەنە زۆر ئاساییە، چونکە زۆر جاری وا هەیە گەلە ژێر دەستەکان پێشوازی لە داگیرکارەکان دەکەن و باوەشی خۆیانیان بۆ دەکەنەوە، بەڵام دواتر واقعەکە دەگۆڕێت و پێچەوانە دەبێتەوە دوای ئەوەی ڕاستییەکانیان بۆ دەردەکەوێت، چونکە هیچ هێزێکی بیانی وڵاتێک داگیر ناکات بەخۆڕایی بۆیە پێویستە ئێمە باجی ئەو ئازادییە بدەین کە دەمانەوێ بەدەستی بهێنین.




# دووای ٢٠١٢ و ئەڤاتار، فیلمێک لەسەر ٢٠١٩ بەرهەم هێنرا

چۆن سەردەمانێك فیلمی ترسناك، ئەنیمەیشن، شەڕەکانی ڤێتنام و عێراق، مرۆڤی هەسارەکانی تر، ببونە مۆدێك، رەنگە وەختی ئەوە هاتبێت بەرهەمی لەمەوپاشی فیلمەکانی هۆلیۆد باس لەداهاتووی زەوی بکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دیدێکی ئاینی کەوا لەهەموو ئاینە ئاسمانیەکاندا بەجۆرێك لە جۆرەکان باس لەکۆتایی هاتنی زەوی و مردنی هەموو مرۆڤەکان دەکات.

ئەگەرچی ئەم هەفتەیەش بۆ هەفتەی چوارەم لەسەریەك فیلمی ئەڤاتار هەر لە پلەی یەکەم مایەوە، و رۆژ لەداوی رۆژ مێژووی زیاتر بۆخۆی تۆمار دەکات، بەڵام دیارە ئەو هەنگاوەی فیلمی ٢٠١٢ هاویشتی بۆ باسکردن لە داهاتوی زەوی و مرۆڤەکان، تەنیا لەئەڤاتار کۆتایی نایەت، و رەنگە ببێتە مۆدێك و کۆمەڵێك فیلمی تریش ئەو رێیە بگرن، فیلمی "Daybreakers" سەرەتایەکە بۆ ئاشکراکردنی ئەم راستییە. ئەم فیلمە توانی لەماوی سێ رۆژدا پلەی چوارەم بەدەست بێنێت، فیلمەکە باس لە ساڵی ٢٠١٩ دەکات، کاتێك پەتای خوێن مژی هەموو زەوی دەگرێتەوە (خوێنمژەکان، دەستەواژەیەکە لەچیرۆکە کۆنە ئەوروپیەکان وەرگیراوە، چەندین فیلمی گەورەی لەسەر کراوە، لەوانە بلەد، و تولایت. توشبووی ئەم نەخۆشییە بەرگەی تیشکی خۆر و روناکی ناگرن، ماددەی زیو ئازاریان دەدات و رەنگە بیانکوژێت)، لەم فیلمەدا لەبەر زۆربونی ئەم پەتایە، تووشبوان لەدانانی پلاندان لەپێناو مانەوەیان، کۆمەڵێکیش بەنهێنی لەهەوڵی هۆکارێکن تاوەکو بتوانن خۆیان لەدەستی رزگار بکەن، و مرۆڤایەتی لەو پەتایە دووربخەنەوە.

فیلمەکە لە دەرهێنانی: مایکڵ وبیتەر سبیریج، و پاڵەوانێتی: هاریت مینتۆ دای، دامین جارفی، ئالان تۆد، پیتەر ویلمانە.

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکایە بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:




1- Avatar) ٤٨،٥٠٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٢٩،٠٤٠ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:١.

**باشترین ١٠ فیلمی ئەم هەفتەیە هەمان فیلمەکانی هەفتەی پێشوون**



2- SherlockHolmes) ١٦،٦١٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ١٦٥،١٧٨ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو٢.



3- AlvinandtheChipmunks: The Squeakquel) ١٦،٣٠٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ١٧٨،١٨٤ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو: ٣.




4- Daybreakers) ١٥،٠٠٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ١٥،٠٠٠ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.



5- It'sComplicated) ١١،٠٠٧) ملیۆن$، کۆی داهات: ٧٦،٣٧٠ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٤.




6- Leap Year) ٩،١٦٥) ملیۆن$، کۆی داهات: ٩،١٦٥ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.



7- The Blind Side) ٧،٧٥٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٢١٩،١٩٧ ملیۆن$، بە٨ هەفتە، پلەی پێشو:٥.




8- Up in the Air) ٧،١٠٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٥٤،٧٠٠ ملیۆن$، بە٦ هەفتە، پلەی پێشو:٦.



9- Youth in Revolt) ٧،٠٠٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٧،٠٠٠ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.



10- The Princess and the Frog) ٤،٧٠٠) ملیۆن$، کۆی داهات: ٩٢،٦٠٠ ملیۆن$، بە٧ هەفتە، پلەی پێشو:٧.

ئا: عەبدوڵا چنگیانی

# حەسنا مەغریبی: دڵنیا بووم کە لە گۆرانی بیانی

***یەكێكە لە هونەرمەندە بە تواناكانی مەغریب كە ناوبانگی لە ئاستی وڵاتەكەی تێپەڕاندووە و لە هەموو وڵاتە عەرەبییەكان ناسراوە، بەجۆرێك ناوبانگی لە وڵاتەكانی دیكە زیاتر لە وڵاتەكەی خۆی هەیە، وا ناسراوە كە بە ڕاشكاوانە قسە دەكات، بۆیە بەبێ ترس و دوو دڵی وەڵامی هەموو ئەو كەسانە دەداتەوە كە ڕەخنەی ڕووخێنەری ئاراستە دەكەن، لەڕێگای ڕاگەیاندنكارێكی عێراقی كە لە بەغدا كار دەكات و ماوەیەكی زۆریش لە بەیروت بووە، توانیمان چەند پرسیارێك ئاراستەی حەسنا بكەین هەرچەندە ماوەیەك دواكەوت و وەڵامی هەندێك لە پرسیارەكانمان بداتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش وەڵامی ئەم پرسیارانەی دایەوە.***

*** ئەوەی زانراوە تۆ یەكەم كچە گۆرانیبێژی عەرەبی كە لە یەك كاتدا زمانی عەرەبی و بیانی لە گۆرانییەكدا تێكەڵ دەكەی، چی هانیدای بۆ ئەو گۆرانییە؟**

- دوای ئەوەی هەستم كرد كە ئەو توانایەم هەیە و سەردەكەوم، بڕیارمدا ئەم هەنگاوە بهاوێم، پێموایە كارێكی ئاساییە كە هونەرمەند بە زمانی خۆی و زمانی دیكەش گۆرانی بڵێ.

*** نەدەترسای كە لەم تاقیكردنەوەیەدا سەرنەكەوی؟**

- نەخێر هەرچەندە لە هەنگاوە سەرەتاییەكانی ژیانی هونەری من بوو، بەڵام بڕوام بە تواناكانی خۆم هەبوو، سوپاس بۆ خوا كە سەركەوتم.

*** ئایا تۆ وەك پێویست بەشداری لەو فیستیڤاڵ و ئاهەنگانەی كە لە مەغریب ساز دەكرێن دەكەیت؟**

- من مەغریبم زۆر خۆش دەوێت، چونكە وڵاتی خۆمە و شانازیش بە ڕەگەزنامەی خۆمەوە دەكەم، بەڵام كارێكی ئاساییە كە لە وڵاتەكانی دیكەدا بژیم یان نیشتەجێ بم، چونكە من هونەرمەندم و كارەكەش وا دەخوازێت كە بەردەوام لە گەڕاندا بم، بۆیە منیش زۆربەی كاتەكان لەنێوان میسر و لوبنان هاتووچۆ كەم، سەبارەت بە فیستیڤاڵەكانی مەغریبیش تائێستا بەشداریم لە زۆریاندا كردووە .

*** ئایا جەماوەرت لە مەغریب زیاترە یان لە وڵاتە عەرەبییەكانی دیكە وەك میسر و لوبنان و كەنداو؟**

- لەبەر ئەوەی زمانم یەكە، بۆیە لە زۆربەی وڵاتان جەماوەرم هەیە، بەڵام ناتوانم بڵێم لە كامیان زیاترە، ڕەنگە لە مەغریب زیاتر بێت بە حوكمی ئەوەی من خەڵكی ئەو وڵاتەم.

*** پەیوەندیت چۆنە لەگەڵ هونەرمەندە عەرەبییەكانی دیكە، ئایا ناكۆكیت لەگەڵ هیچیان نییە؟**

- نەخێر من پەیوەندیم لەگەڵ هەموویان زۆر ئاساییە، چونكە هەر یەكێك لە ئێمە خاوەن شێواز جەماوەری خۆیەتی و باوەڕ ناكەم كەس بتوانێت شوێنی ئەوی تر لەق بكات یان كاریگەری لەسەر ئەویترەوە هەبێت، بەڵام ڕەنگە جار بەجار لێك نەگەیشتنێك لەنێوان هونەرمەنداندا هەبێت، هەروەها لایەنی دیكەشی وەك ڕاگەیاندن ڕۆڵیان لە وروژاندنی ئەو لێك نەگەیشتنە هەبێت.

*** لە ڕۆژئاوای عەرەبی زۆر بەهرە و توانای هونەری بەدیار دەكەون، بەڕای تۆ بۆ ئەوەی ناوبانگ دەربكەن و سەركەوتوو بن، میسر یان وڵاتانی كەنداو بۆ ناوبانگ دەركردن باشە؟**

- ئەمە بەپێی ئەو دەرفەتەیە كە بۆ هەر یەكێك لە ئێمە دەڕەخسێت، بەڵام زۆر ئەستەمە ئەو ناوبانگ دەركردنە لە مەغریب دەستمان بكەوێت یاخود لە مەغریب بەو شێوەیە بناسرێین كە لە وڵاتانی وەك لوبنان یان میسر یان وڵاتانی كەنداو دەناسرێین، چونكە دەرفەتەكان لەو وڵاتانە زیاترن لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.

*** هۆی سەركەوتنی ئەلبوومی (قلبی بخطر) بۆچی دەگەڕێتەوە هەرچەندە وەك پێویست ریكلامی بۆ نەكرا؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت پێویستە ئەم پرسیارە ئاراستەی جەماوەر بكرێت، بەڵام من هەست دەكەم گۆرانییەكانی خۆش بوون و جەماوەر زۆر بە باشی پێشوازیی لێكرد، ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە، چونكە ئەگەر بەرهەمی هونەرمەند لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازیی لێ بكرێت، ئەو كاتە هونەرمەند هەست دەكات كە خزمەتێكی پێشكەش كردووە و دەتوانێت ئاستی خۆی هەڵبسەنگێنێت.

*** پروپاگەندە تا چ ڕادەیەك كاریگەری بەسەر ژیانی تۆوە هەبووە؟**

- بێگومان پروپاگەندە كاریگەری بەسەر هەموو هونەرمەندێكەوە دەبێت، چونكە ئەو كاتەی كە سەركەوتن بەدەست دەهێنێت یان دەگاتە لوتكەی سەركەوتن، دەبینین لەناكاو پروپاگەندەیەك دژی ئەو هونەرمەندە دەكرێت بۆ ئەوەی كاریگەری بكاتە سەر سەركەوتن و ناوبانگی ئەو هونەرمەندە، ئەمەش وادەكات كە ئەم كارە ڕێكخراو و كەسانێكی تایبەت دەری دەكەن، ئەوەی تێبینی دەكرێت پروپاگەندەكانیش هەموو دەربارەی ژیانی تایبەتی هونەرمەندە، دەبێ ئەوەش بزانین كە هونەرمەندیش وەك هەر





# سەرکەوتوو دەبم



کەسێکی دیکە مرۆڤە.

*** زۆر کەس بەوە تاوانبارت دەکەن کە تۆ هونەرمەندێکی سەرنجڕاکێشی وەك زۆر لە هونەرمەندەکانی دیکە؟**

- من نازانم خەڵك چۆن ئیغرا وەسف دەکات و چ شتێك بە ئیغرا دەزانن، ئایا تەنیا دەرکەوتنی هونەرمەند بەشێوەیەکی نا ئاسایی یان جیا لە دەرکەوتنەکانی پێشووتری دەبێتە ئیغرا؟ من هیچ کاتێك هەوڵم نەداوە نە بە جلوبەرگەکانم کە وەك بەشی هەرە زۆری ئەو کچانەیە کە بە شەقامدا دەڕۆن، نە بە هەڵسوکەوتەکانم لە کلیپەکاندا سەرنجڕاکێش بم، بەڵکو لەوانەیە کەسایەتی من زیاتر مێینەیی پێوە دیار بێت، بۆیە من بە هەموو شێوەیەك ئەوە ڕەت دەکەمەو کە بە هونەرمەندی سەرنجڕاکێش یان ئیغرا ناو بنرێم.

*** ئایا بارودخی ژیانی تایبەتی چۆن کاریگەرییان بەسەر ژیانی هونەرمەندەوە هەیە؟**

- بێگومان کاریگەری زۆری هەیە ئەگەر هیچ نەبێت ڕاگەیاندنەکان زیاد لە پێویست باسی دەکەن، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەن یاخود ئاماژە بەوە بکەن کە هونەرمەندیش وەك هەر کەسێکی دیکە مرۆڤێکی ئاساییە.

*** پێت وایە چوونە نێو ژیانی هاوسەرییەوە ئافرەتی هونەرمەند دەکوژێت؟**

- ئەمە پەیوەندی بە بارودۆخی تایبەتی ژیانی هەر هونەرمەندێکەوە هەیە، بۆ هەندێکیان زۆر ئاساییە، بەڵام بۆ هەندێکی دیکە دەبێتە دۆزەخ، بەتایبەتی ئەو هاوسەرانەی کە کاری هونەرمەندان لەبەرچاو ناگرن بەر لەوەی کەسێك هەڵبژێرن بۆ ژیانی هاوسەری، من بۆخۆم سوودم لە ژیانی هاوسەری وەرنەگرت.

*** بەڕای تۆ سەرنەکەوتنی هەندێك لە هونەرمەندان لە ژیانی هاوسەریدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بۆ نەبوونی لێك گەیشتنی هاوبەش لەنێوان هەردووکیان، بۆیە پێویستە بەر لەوەی ئەم بڕیارە بدەن پێویستە بە تێروتەسەلی بیر بکەنەوە و خۆیان یەکلا بکەنەوە بۆ ئەوەی تووشی گرفت نەبنەوە.

*** لە کوێ نیشتەجێی؟**

- لەنێوان مەغریب و میسر دەسوڕێمەوە، چونکە زۆربەی کارە هونەرییەکانم لە میسر ئەنجام دەدەم.





# بەداخەوە هەندێ لە گۆرانییەکانی دوایین سیدیم لەگەڵ دەنگی خۆم شیاو نەبوون



*پەیوەند جاف ئەو هونەرمەندە لاوەیە توانی سەرەتایەکی باش لە هونەری کوردیدا دەستەبەر بکات، ئێستا لەناو هونەری کوردیدا خاوەن توانا و پێگە و ئاراستەی هونەری خۆیەتی، بەمەش توانی جەماوەرێکی زۆر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. ساڵانێکە لەتاراوگە ژیان بەسەر دەبات، ئێستاش بە سەردان و بەمەبەستی چەند پرۆژە و بەرنامەیەکی نوێ لەکوردستانە، هەوڵمان دا لەئێوارەیەکی سلێمانیدا هونەرمەند پەیوەند جاف بەسەر بکەینەوە ئەویش بە خۆشحاڵییەوە بەم شێوەیە بۆمان هاتە ئاخاوتن.*

*دیمانە: سۆران مارف*



*** هەست دەکرێت دوایین بەرهەمت وەك بەرهەمەکانی پێشووت پێشوازی لەلایەن جەماوەرەوە لێوە نەکرا تۆ چۆن ئەم پرسیارە لێك دەدەیتەوە؟**

_ من پێش ئەم بەرهەمە بەشێوازێکی تر کارم کردووە، پێم وایە دوایین بەرهەمم بۆ جەماوەر شتێکی تارادەیەك تازە بوو پێشکەشم کرد، خەڵك چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد کەوا من ئەو جۆرە گۆرانیانە پێشکەش بکەم. بۆیە خۆم حەزم کرد ئەو هەنگاوە بنێم بۆ ئەوەی تاقی بکەمەوە کە ئایا تاچەند لەو ستایلە سەرکەوتوو دەبم و چۆن دەتوانم گۆڕانکاری لەستایلی خۆم بکەم، پێم وایە هەموو کەسێك سەربەستە کە چۆن لەسەر چ شێواز و ستایلێك بەرهەمەکانی پێشکەش دەکات.

*** تاچەند لەو تاقیکردنەوە نوێیە سەرکەوتوو بوویت؟**

_ من پێم وایە توانیم هەندێك لە گۆرانییە نوێیەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو پێشکەش بکەم، بەڵام بەداخەوە هەندێ لەگۆرانییەکان شیاوی دەنگی من نەبوون.

*** دەنگی تۆ دەنگێکی کوردانەیە باشتر نەبوو لەسەر ئەو ستایلەی پێشووتری خۆت بەردەوام کارت بکردایە؟**

_ من هەمیشە کارم لەسەر رەسەنایەتی هونەری کوردی کردووە، بەردەوامیشم لەسەر ئەو رێچکەیە، ئارەزووم بوو ئەو شێوازە نوێیەش تاقی بکەمەوە، بەشێوەیەکی گشتی رەنگە پێشوازی جەماوەر لەبەرهەکانم کەم بووبێت، بەڵام هەندێك بەرهەمی دوایین سیدیم توانی ئاستێکی باش پێشکەشی هونەری کوردی بکات. بەتایبەتی ئەتوانم بڵێم گەنجان هەندێك لەگۆرانییەکانی ئەم سیدییەیان زۆر لا جێگای بایەخ بووە.



*** بۆچی موزیکی عەرەبی رەنگدانەوەی بەسەر کارەکانتەوە هەبوو؟**

_ من لەگەڵ ئەوە نەبووم بەو شێوە ئاشکرایە موزیکی عەرەبی بەکارەکانمەوە ببینرێت، بەڵام ئەوە تاقیکردنەوەیەك بوو، رەنگە جارێکی تر لەگەڵ ئەو هونەرمەندەی من ئەو کارانەم ئەنجام داوە، بەو شێوەیە بۆ کاری موزیك کارناکەمەوە، لەبەر ئەوەی چی گونجاوە لەگەڵ دەنگی من هەوڵ دەدەم ئەو کارە پێشکەش بکەم.

*** چی وای کرد کە موزیکی عەرەبی لەکارەکانتا رەنگ بداتەوە، ئایا تۆ هۆکار بوویت یان ئەو هونەرمەندەی کارەکانی تۆی ئامادەکردبوو؟**

_ لەڕاستیدا ئەرکی من لەو بەرهەمە نوێیەدا تەنها چوونە ستۆدیۆ و چڕینی گۆرانییەکان بووە، هەرچەندە ئەتوانم بڵێم موزیکی عەرەبی، تورکی و فارسی بەسەر هونەری کوردییەوە تارادەیەك زاڵە و بەداخەوە من خۆم ئەو بەرهەمانەم ئامادە نەکردبوو ئەگەر کارێکی نوێ بکەم خۆم ئەزانم ئەمجارە بە چ ستایلێك کاردەکەم. ئەتوانم بڵێم وەك تاقیکردنەوەیەك سوودم لێ وەرگرتووە، دیارە رێکەوتنی من و کاك هەڵکەوت زاهیر لەسەر ئەو بەرهەمانە ئەوە بوو کە ئێمە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتیمان هەبوو، دەنگی منی زۆر بە

دڵ بوو هەوەها حەزی دەکرد کارێك بۆ من بکات ئیتر کارەکە تاچەند سەرکەوتوو بوو یان سەرکەوتوو نەبوو ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

*** ئەگەر جارێکی تر هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر داوات لێ بکات کارێکی لەگەڵ ئەنجام بدەیت ئامادەی کاری لەگەڵ بکەیتەوە؟**

_ ئامادەم بەڵام بەشێوەیەك سوودمان لەتاقیکردنەوەی پێشووتر وەرگرتبێت.

*** زۆر باس لەبەربڵاوی هونەری مۆسیقای گۆرانی کوردی دەکرێت، تۆ هۆکاری ئەم بەربڵاوییە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

- پێم وایە زۆر خەتای هونەرمەندی گۆرانیبێژ نییە، بەڵکو بۆ ئەوانەی دەگەڕێنمەوە کە گۆرانییەکان ئامادە دەکەن و موزیکی عەرەبی و فارسی و تورکی ئاوێتەی گۆرانی کوردی دەکەن. هەروەها بەربڵاوی هونەری کوردی بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە لێپرسینەوە لەبواری هونەردا نییە و دەزگایەکی سانسۆر نییە بۆ جیاکردنەوەی بەرهەمی باش و هونەرمەندی باش لەبەرهەمی خراپ و ئەوانەی خۆیان بەهونەری کوردیدا هەڵواسیوە. کەسی وا دەبینی هیچ مەرجێکی هونەری تێدا نییە کەچی بەشانازییەوە دەچێت گۆرانی دەڵێت، کەسیش نییە پێی بڵێت ئەم کارەت هیچ خزمەتی هونەری کوردی ناکات. من پێم خۆشە کورد هونەرمەندی زۆر بێت، چونکە تا هونەر پێش بکەوێت پێم وایە کۆمەڵگەکەمان زیاتر پێشدەکەوێت. لەڕووی فکری و هۆشیارییەوە من گەشەکردنی هونەر بە پەیوەست دەزانم بە گەشەکردنی کۆمەڵگەی دەبەستمەوە.

*** باسی ئەوەت کرد کە زۆر جار خەتای هونەرمەندی گۆرانیبێژ نییە لەوەی موزیکی بەرهەمەکەی فارسی یان عەرەبی یان تورکییە،باشە ئەرکی هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەوە نییە کە بزانێت چی سوود بە هونەری کوردی دەگەیەنێت یان پێچەوانەکەی؟**

_ من قسەکەی تۆم زۆر لا جوانە دەبێت هونەرمەند بزانێت چی لەخزمەت هونەری رەسەنی کوردییە و چی خزمەت بە هونەرەکەی دەکات ئەوە پێشکەش بکات، من لەمەودوا ئەگەر کارێك بکەم دەبێت رەنگدانەوەی هونەری رەسەنی کوردی پێوە دیاربێت.

***باشە ئەتوانین بڵێین گوێگری کوردی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بتوانێت هونەری رەسەن و هونەرەکەی تر کە کاریگەری هونەری بێگانەی لەسەرە لەیەکتری جیابکاتەوە؟**

_بەدڵنیاییەوە من پێم وایە خەڵکی ئێمە گەیشتۆتە ئەو ئاستە، بەڵام هەمیشە ئێمە لە ژێر فشاری نەتەوەکانی تر بووین و زوڵممان لێ کراوە، بە زوڵمیشی دەزانین کەوا کارەکانمان رەنگدانەوەی کارەکانی ئەوانی پێوە دیار بێت، بەڵام لەهەموو دنیا رەوایە کە تۆ سوود لەموزیکی نەتەوەکانی تر وەربگریت.هەموو نەتەوەکانیش سوودیان لەکارەکانی یەکتری وەرگرتووە بۆ پێشخستنی هونەری خۆیان، من پێم وایە هونەر سنووری نییە.

*** راستە ئەوان سوود لەموزیکی یەکتر وەردەگرن بۆ پێشخستنی هونەرەکەیان، بەڵام پێت وانییە ئەوان بنەمای مۆسیقای خۆیان دیاری کردووە بۆ نموونە ئەساڵەتی گۆرانی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ (ئوم کەلسوم و عەبدولحەلیم) و چەندانی تر، بەڵام ئایا ئێمە توانیومانە ئەو هەنگاوە بنێین؟**

_ تورك ئەساڵەتی مۆسیقای خۆی نەبووە سوودی لەموزیکی دەوروبەر بینیوە بۆ دروستکردنی بنەمای مۆسیقای خۆی،کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش ئەو هەنگاوە بنێین. پێویستە کەسانی پسپۆر و شارەزا لەبواری موزیك ئەو هەنگاوە بنێن، تا ئێستاش کەسمان نەبووە بە دڵ بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی خۆی دابێت. من هیوادارم کەسانی پسپۆرمان زۆر بن بۆئەوەی ئێمەی هونەرمەند بێ کێشە بچینە ناو ستۆدیۆ و گۆرانییەکانمان تۆمار بکەین. کاری گۆرانیبێژ ئەوەیە بتوانێت جوان ئەدای گۆرانییەکە بکات و موزیکژەنیش پاراستنی رەسەنایەتی بەرهەمەکەی لەئەستۆیە.

*** لەهەموو جیهاندا هونەرمەند ئەتوانێت هاوکاری حکوومەت لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە بکات، کەچی هونەرمەندانی ئێمە تەنها چاویان لەدەستی حکوومەتە بۆ هاوکاری و بەڕێوەبردنی کارە هونەرییەکانیان، پرسیار ئەوەیە کاتی ئەوە نەهاتووە هونەرمەند سوود لەتوانای خۆی ببینێت بۆ راپەڕاندنی کارەکانی؟**

_ دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە هونەرمەند چاوی لەدەستی خۆی بێت. پێویستە حکوومەتیش کار بۆ پاراستنی مافی هونەرمەند بکات تاکو هونەرمەند بتوانێت لەقازانجی بەرهەمەکانی بژێوی ژیانی خۆی دابین بکات و گرنگی زیاتر بە هونەرەکەی بدات. ئەتوانم بڵێم کلتوور و ئایین لە وڵاتی ئێمە کاریگەری هەیە وای کردووە تا ئەمڕۆش خەڵك لەمانای هونەر تێنەگات. جاری وا هەیە کۆنسێرتێك یان ئاهەنگێك بۆ هونەرمەندێکی کورد ساز دەدرێت بەداخەوە دەبینی لەئاهەنگەکە شەڕ روودەدات،ئەمەش پێویستی بەکاتە تا خەڵك هوشیاری هونەری زیاتر بێت، چونکە تا تاکی رۆشنبیر بێت ئەوەندە زیاتر لە هونەر تێدەگات ئەو کاتە هونەری کوردیش وەکو هونەری بێگانە دەچێتە پێشەوە، تائێستا خەڵکی ئێمە لەمەسەلەی کۆنسێرت تێنەگەیشتووە. یان جیاوازی لەنێوان ئاهەنگ و کۆنسێرت ناکات لەبەر ئەوەی بیست ساڵ پێش ئێستا گۆرانی گوتن لای کورد عەیب بووە ئەمەش خەباتێکی زۆری دەوێت تا خەڵك لەهونەر تێدەگات ، من بەشداری چەندین کۆنسێرتی هونەرمەندانی فارس و عەرەبم کردووە، کەسێکم نەبینیوە منداڵی لەگەڵ خۆی هێنابێتە کۆنسێرتەکەوە، لای ئێمە دەبینیت کاتێك دێتە کۆنسێرتەکەوە پێنج تا شەش منداڵی لەگەڵ خۆی هێناوە. پێم وایە خەباتی دەوێت تا خەڵك بەتەواوی لە هونەر تێبگات.

***ئێستا پرۆژە و بەرنامەی هونەریت چییە؟**

_من هەمیشە هێواش هێواش خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمی نوێم، ئەگەر مافی هونەرمەند پارێزراو بێت ئەوا بە سیدییەك بەرهەمەکانتان پێشکەش دەکەم. جگە لەمە ئێستا سەرقاڵی ریکلام کردنم بۆ کۆمپانیای گروپی فاروق لەسلێمانی و لەهەمان کاتدا بەنیازم بەهاوکاری چەند هونەرمەندێك بۆ جەژنی نەورۆز بەرنامەیەکی هونەری جوان لەکوردستان پێشکەش بکەین.

***ململانێیەکی زۆر لەنێوان هونەرمەندان هەیە تۆ چۆن لەو ململانێیە دەڕوانیت؟**

_ راستە ململانێ لەنێوان هونەرمەندان هەیە بەڵام ئێمە کۆمەڵێك هونەرمەندین کار بەیەکەوە دەکەین، بۆ نموونە بۆ جەژنی نەورۆز وەك وتم ئێمە کۆمەڵێك هونەرمەندین بەنیازین ئاهەنگێکی جوان پێشکەشی میللەتەکەمان بکەین، و پێویست ناکات ململانێ لەنێوان هونەرمەندان هەبێت ،چونکە ئەگەر ئێمەی هونەرمەند هاوکار نەبین ناتوانین هونەرەکەمان بەرەو پێشەوە بەرین.

*** حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی رۆشنبیری هاوکارییەکی باشی بۆ تۆمارکردنی بەرهەمی هونەرمەندان تەرخان کردووە، ئایا ئێوە ئەو هەوڵەی حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی رۆشنبیری چۆن دەبینن و ئێوە هیچ هاوکارییەکتان لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە بۆ خەرج کراوە بۆ کارە هونەرییەکانتان؟**

_ من وەك خۆم تا ئێستا لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە هاوکاری نەکراوم، بەڵام پێم وایە هاوکاری زۆر هونەرمەند کراوە.

*** رۆڵی هونەرمەندە گەنجەکان چۆن دەبینی لەخزمەتکردنی هونەری کوردیدا؟**

_ هەندێك کەسی باشی تێدایە کە هەوڵ ئەدەن بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی خراپ هەیە کە لەڕووی ئاستی هونەرییەوە باش نین.

*** ئێوە سەرەتا لە رێگای تیپی میللی و تیپی رۆژئاواییەوە توانیتان بێنە ناو بواری هونەرییەوە ئایا ئێستا رۆڵی ئەو تیپانە لەسلێمانی لە چ ئاستێکدایە؟**

_ من لەتیپی رۆژئاواییەوە کارم دەکرد ئەویش تیپی مۆسیقای دەشتی بوو، ئێستا زۆرێك لەو تیپانە پەرتەوازە بوون و ئەو ئاستە هونەرییەی

جارانیان نەماوە. بەداخەوە ئێستا ئەو شێوە تیپانە نەماون ئێستـــا تیپەکان زیاتر سەرقاڵی بەزمی هەڵپەڕکێن.

*** تــۆ پێت وایە ئاســتی ســتۆدیۆکانمان گەیشتۆتە کوێ؟**

ـ خۆشـــحاڵم بەوەی چەند هونەرمەندێکی کــورد لـــەدەرەوەی کوردســـتان هاتوونەتـــەوە کوردستان و سەرقاڵی درووستکردنی ستۆدیۆی پڕۆفیشناڵن.

*** بڕیارت نەداوە بەیەکجــاری بگەڕێیتەوە کوردستان؟**

ـ لەڕاســـتیدا زۆر حەزدەکـــەم بەیەکجاری بگەڕێمەوە کوردســـتانە بـــەڵام دەمەوێت کاتێك بگەڕێمەوە ژیانم دابین بکرێت و کارئاســـانیم بۆ بکرێـــت، و بە پێچەوانەوە کەس نییە حەز بکات لەدەرەوەی وڵاتەکەی بژی.

*** ئەو هەوڵــەی هونەرمەندان چۆن دەبینی کاتێك لەڕێگای میدیــا هونەریەکانەوە پەیامی خۆیان دەگەیەنن بۆ نموونــە بەرنامەی ئەژدەر شــۆ کە هونەرمەند ئەژدەر وەهبی پێشکەشــی دەکات، و ئایا تۆ بەرنامە و پرۆژەی لەو جۆرەت لەبەردەست نییە؟**

ـ من بە هەوڵێکی باشی دەبینم دەستخۆشی ئـــەو بەرنامەیەش لەهونەرمەنـــد ئەژدەر وەهبی دەکەم، مـــن داوام لێکراوە بۆ پێشکەشـــکردنی بەرنامەیەکی هونەری لەکەناڵێکی ئاســـمانیدا بەڵام تا ئێســـتا بیرم لەوە نەکردۆتەوە کاری بۆ بکەم، چونکە دەمەوێت کاتێك کارێکم ئەنجام دا کارێکی پڕۆفیشناڵ بێت.

*** دەڵێن لەقسەکردن بۆ دەزگاکانی راگەیاندن ترساوی؟**

ـ بەداخەوە ئاڵۆزییەك دەبینم لەناو دەزگاکانی راگەیاندن دا، تۆ بەجۆرێك قسە دەکەیت کەچی دواتر بە جۆرێکی تر بـــڵاو دەکرێتەوە. ئەمەش وای کردووە کە نەتوانیـــن دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤار و رۆژنامەکان ئەنجام بدەین. ئەوە دوو مانگە لە ســـلێمانیم تا ئێســـتا یەك دیدارم ئەنجام نەداوە لەگەڵ هیچ رۆژنامە و گۆڤارێك لەبەر ئەو هۆکارە، بەداخەوە کەسی واهەیە بەبێ ئەوەی هیچ شارەزایی هەبێت لەبواری راگەیاندن دێتـــە لات و داوای دیـــدار و چاوپێکەوتنـــت لێدەکات.دواتریش بەهۆی کەم لێزانی گرفت بۆ ئێمە درووست دەکات، من چەند جارێك تووشی گرفـــت هاتووم بەهۆی دیـــدار و چاوپێکەوتنم لەگەڵ رۆژنامە و گۆڤارەکان.

*** چۆن قســـە لەسەر ئاســـتی کاری کلیپ لەهونەری کوردیدا دەکەی؟**

ـ بەڕاســـتی هەندێ کلیپی جوان پێشکەش کراوە و هەندێ کلیپی زۆر خراپیش پێشـــکەش کراوە.

# لۆکە زاهیر: من مرۆڤێکی

***لۆکە زاهیر لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە و ئێستاش لە وڵاتی سویسرا نیشـــتەجێیە لە هەمان کاتدا ســـەرقاڵی خوێندنە، یەکێکە لەو کچانەی لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە، تا ئێســـتا بەرهەمێکی بڵاو کردۆتەوە بەناوی (ئێس ئێم ئێس)، هەندێك جـــار لێرەو لەوێ رەخنەی لێدەگیرێت بەتایبەتی دوای بڵاوکردنەوەی کلیپی گۆرانی(مەکە) بۆیە پێمان باش بوو خۆی باس لەو بابەتە و ئەو رەخنانەی ئاراســـتەی کراون بکات ئەویش بەو شێوەیە وەڵامی داینەوە.***

*** جوانـــی تا چەنـــد رۆڵی هەبـــووە لە دەرکەوتنی تۆدا وەك هونەرمەند؟**

- جوانی رۆڵی هەیە بۆ هونەرمەند، بەڵام مەرجی سەرەکی نییە؟

*** بیستوومانە تۆ لە دیمانەیەکدا گوتبووت وەك لۆکـــە نەرم و ناســـکم، ئەمـــە تا چەند راستە؟**

-من شتی وام نەگوتووە ئەوە دروستکراوی رۆژنامەنووســـانە، من تەنیـــا گوتبووم ( بە منداڵی دایکم وتویەتی نەرم بوومە بۆیە ناوم لێنـــاوە لۆکە) لە دیمانەکە نـــەم وتووە نەرم و ناســـك بوومە، شـــتی وام نەوتووە خۆ ریکلام بۆخۆم ناکەم.

بەداخەوە بۆ ئەو بەناو رۆژنامەنووســـانە، قســـەیان بۆ دەکەی دەچن بە هەوەسی خۆیان قسە ئەگۆڕن.

***بۆچی هونەرمەند پێویســـتی بەوەیە ئەم جۆرە قسانە بکات؟**

- هونەرمەند هیچ پێویستی بەو قسانە نییە ناشـــیکەن، بڕوا ناکەم ئەگەر بۆی درووستی نەکەن .

*** بەشداری لە ئاهەنگی تایبەتیدا دەکەی؟**

- نەخێر.

*** پێت وانییە تێکستی گۆرانی (مەکە) تا رادەیەك لەگەڵ دابونەریتی کوردەواریدا گونجاو نییە؟**

- با گونجاو نەبێت، من لەگەڵ گۆڕانکاریدام، حەز دەکەم ئەو رێگایانە بۆ ئافرەتیش بکرێتەوە، وەك چـــۆن پیاوەکانمان هەموو شـــتێك دەڵێن، دوای ئەوە تێکســـتی گۆرانی (مەکە) بۆ ئاوا بـــووە بابەتـــی رەخنە لێگرتن لەو تێکســـتەدا؟ هونەرمەندی خوالێخـــۆش بوو مەرزیە فەریقی لە گۆرانی (هەموو شـــەو تـــا بەیانی) دەڵێ: بە ماچێك لێوم ســـڕ بکە لە باوەشـــتا تێر بنووم جەســـتەم گەرم بێتەوە) زیاتر ناوبانگیشی پێ دەرکـــرد، هـــەزار رەحمەتی لێ بێـــت من زۆر عاشقی ئەو هونەرمەندە گەورەیەم شانازی پێوە دەکەم.

*** کەس راســـتەوخۆ رەخنـــەی لێ نەگرتی سەبارەت بە تێکستی ئەم گۆرانییە؟**



# پاکم مرۆڤی پاکیش سەرکەوتوو دەبێت

- نەخێر ئەوەی دەمبینێت دەستخۆشی زۆرم لێدەکات، بەڵام لەگەڵ ریزم لەناو ئێمەی کورد نەریتێك هەیە بەرەو روو ناتوانێت رەخنەت لێبگرێت دەستخۆشی، بەڵام لە پشتەوە رەخنە دەگرن زیاترلە ئەوەش سوودی نییە.

***جلوبەرگەکانت لە گۆرانییەکە تەقلیدی نانسی عەجرەم نەبوو؟**

- نەخێر جلەکانی من لە کوێ و ئەوانی ئەو لە کوێ.

*** سیدییەکەت لەلایەن جەماوەرەوە چۆن پێشوازی لێکرا ؟**

- لەخوا بەزیاد بێت پێشوازییەکی زۆر زۆر باشی لێکرا، ئەمەش دڵخۆشم دەکات.

*** دەشنێ و هانی هەریەکەو ستایلێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، تۆش هەوڵت نەداوە ستایلەکەت هەندێك تایبەتمەندی پێوە دیار بێت؟**

- منیش ستایلەکەم دیارە روون وئاشکرایە ئەگەر جوان تەماشاتان کردبێت یان گوێتان لێ گرتبێت.

*** لە دیمانەیەکدا گوتبووتان پێویستە کۆتەکان بشکێنین، بەڕای تۆ ئەو کۆتانە چین کە پێویستە بشکێنرێن؟**

-لەگەڵ ریز و خۆشەویستیم بۆ جەماوەرەکەی خۆم، رێگا بە هونەرمەند بدەن بەتایبەتی ئافرەت ئازادانە کار بکات ئەوەندە رەخنەی بۆگەن نەگرن، هەندێك کەس چونکە هونەرمەند ئازادە چۆن کار دەکات، کە بە دڵی نەبوو هونەرمەندی تر زۆرە بە دڵی بێت.

*** رات چییە بەرامبەر بە شێوازی گۆرانی گوتنی دەشنێ؟**

- زۆر پێمخۆشە باش کاری خۆی دەکات و دەستخۆشی لێدەکەم.

*** ئەو رەخنانەی لە ئێوە گیراون نەبوونەتە هۆی ئەوەی لە هونەر ساردتان بکاتەوە؟**

- هەرگیز هەروا دەزانم هیچ نەگوتراوە، چونکە من خۆم پاکم ئەگەر مرۆڤێکیش پاك بێت خوای گەورە لە پشتیەتی و سەرکەوتووش دەبێت.

*** بە پێچەوانەی رەخنەکان کێ دەستخۆشی لێکردووی؟**

- تۆ بڵێ کی رەخنەی لێگرتووی، چونکە رەخنەگرەکان هەموو پێنج تا شەش کەسن، دەستخۆشییەکان زۆر زۆرن لە ژمار نایەن.

*** چی دەڵێی بەو کەسانەی کاریان تەنیا رەخنە گرتنە لە هونەرمەندان؟**

- خۆیان هەڵەیەك دەکەن، رەخنەی بۆگەن وەك گوتم کەس حیسابی بۆ ناکات، بەڵام ئەگەر بێتو رەخنە بگرن بۆ ئەوەی هونەرمەند خۆی باشتر بکات ئەوا ئەو رەخنەیە گوێی لێدەگیرێ.

